Komala Party – Iranian Kurdistan
Committe in Holand

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی هۆڵەند

# کۆبوونەوەی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە له هۆڵەند

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2008.02.2 شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پیکهاتبوو لە بەڕیزان کاک دوکتۆر سادق زارزا ڕاویژکاری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلاتی ئورۆپای حیزب کاک هادی حوسینی بەرپرسی کۆمیتەی هۆڵەند، کاک حوسین مەجیدی بەرپرسی بەشی پەیوندییەکانی حیزبە کوردستانیەکان و هەروها کاک سالح زارزا و کاک پەرویز عەشایەری ئەندامی کۆمیتەی، سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان لە هۆلەند کرد.

لە لایەن کۆمەڵەوە هاوڕێیان توفیق ئەلیاسی بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵە لە هۆلەند و ئەحمەدی مورتەزایی ئەندامی کۆمیتەی ئوروپای کۆمەڵە لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون.

لەو دانیشتنەدا لە سەر ئەو خاڵانەی خوارەوە قسەو باس ئاڵوگوری بیرورا کرا؛

الف) هاوکاری هەرچی زیاتر لە نێوان ئەم دوو حیزبەدا لە ئورووپای ناوەندی.

ب) بەشداری لە ڕێو ڕەسمەکانی یەکتردا.

ج) گواستنەوە هەموو روداوەکانی کە بە سەر کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دیت.

د) ڕێکخستنی چالاکی ئیعترازی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئورووپای ناوەندی.

دانشتنەکە لە نیو کەشو هەوایکی زوور دوستانەدا دوای چەند کاتژمیر کوتایی پیهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**ڕێکخراوی هۆلەند**

۰۲۰۲۲۰۰۸

